# قاقای گریان

حەمەسەعید حەسەن

لە زۆر شوێنی ئەورووپای پێشکەی دیموکراسیدا، ئەو پەنابەرەی فێری زمانەکەیان نەبێت، مافی هاووڵاتیبوونی پێ ڕەوا نابینن، وەلێ لە کوردستان چونکە کۆمەڵگەیەکی زیاد لە پێویست مەدەنییە، دەشێت زمانی کوردی نەزانیت و نەک هەر هاووڵاتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی فەرمانڕەواش بیت!

*

١٦ی ئاب لە هەولێر، لە ئاهەنگی یادی ٥٧ ساڵەی (پدک)دا، بارزانی دروشمی (بنیاتنانەوەی عێراق لە سەر بنەمای یەکگرتنەوەی ئارەزوومەندانە)ی بڵند کردەوە. یەکگرتنەوە کاتێک ئارەزوومەندانە دەبێت، کە پرس بە هەموو تاکێکی باشووری کوردستان بکرێت، ئایا ئارەزووی لەگەڵ عێراقدا یەکگرتنەوەی هەیە، یان نا؟ پارتی و یەکێتی بێ ئەوەی پرسیان بە گەل کردبێت، لەمێژە بڕیاری لەگەڵ عێراقدا یەکگرتنەوەیان داوە! ئەوە نییە سەرانی ئەو دوو حیزبە ئەندامی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی عێراقن! ئەوە نییە لەسەر  ناوی ئەو کوردانە ڕێک کەوتوون، کە دەبنە وەزیر و سەفیری عێراق! ئەوە نییە خەریکی نووسینەوەی دەستووری عێراقن! تاڵەبانی و بارزانی هەمیشە گەلی کوردیان بە ڕەوەقەل و مێگەل زانیوە، ئەگەر نا، لە مەسەلەیەکی وەها گرنگدا، پرسە گورگانەیەکیان پێ دەکرد.

*

لە لایەکەوە هێشتا ئاڵای بە خوێنی کورد سووری بەعس، لە ئاسمانی شاری هەڵمەت و قوربانیدا دەشەکێتەوە، لە لایەکی ترەوە ینک دووکانێکی بە ناوی (ڕیفراندۆم)ەوە، بۆ ڕۆشنبیرە گوێ لە مستەکان ئاوەدان کردووەتەوە!

*

تەلەفیزیۆنەکەم خستە سەر کوردسات، فارسی بوو، خستمە سەر کەی تیڤی، عەرەبی بوو، زاتم نەکرد بیخەمە سەر مەدیا تیڤی، ئاخر سوور دەمزانی تورکی دەبێت.

2003. 08. 21